## خۆپیشاندانی سەرکەوتوانەی کوردانی هۆڵەندا , دژ بە بۆردومانکردنی ناوچە سنوورییەکان کوردستان , بە کۆمەڵێک بهێێن لە لایەن نوێنەری پەرلەمانی هۆڵەنداوە کۆتایی پێهات

رۆژی هەینی بەرواری 7-9 کاتژمێر 1,30 پاش نیوەرۆ , بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردستانیانی دانیشتووی هۆڵەندا , خۆپیشاندانی هێمنانە بۆ پرۆتستۆکردنی بۆردومانکردنی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان لە لایەن ئێران و توركیا و پێشێلکردنی مافی هاووڵاتیانی کورد لەو پارچانەی کوردستان لە بەردەم پەرلەمانی هۆڵەندا دەستی پێکرد , خۆپیشاندەران کۆمەڵێك وێنە و تراکتیان بەرزکردبووەوە , نوێنەری خۆپیشاندەران بەرێزان " سیروان مەحمود , سۆزان ئەسڵان , هەڵوێست رەشید , زانا جەباری " چوونە ژورەوە بۆ ئەوەی یاداشتانەی خۆپیشاندەران بگەیەنن بە پەرلەمانی هۆڵەندی , نوێنەرانی خۆپیشاندەران لەگەڵ ڤان تۆر نوێنەری کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی هۆڵەندی دانیشتن , بەرێزی کۆمەڵێك بەڵێنی دا بە نوێنەرانی خۆپیشاندانەکە کە بریتی بوون لە :

- -پەرلەمانی هۆڵەندی لەم کێشانە ئاگادار دەکاتەوە کە پێشتر زانیاریان لەبارەیەوە نەبووە .

- -سەرجەم پەرلەمانتاران لەم کێشانە ئاگادار دەکاتەوە , کۆپی داخوازی نامەی خۆپیشاندەران بەسەر سەرجەم پەرلەمانتاراندا دابەش دەکات .

- -بەشێوەی فەرمی وزارەتی دەرەوە ئاگادار دەکاتەوە بۆ کارکردن و هەوڵدان بۆ راوەستاندنی ئەم تۆپبارانە .

- -رایگەیاند کاریگەریمان زیاتر دەبێت لەسەر تورکیا , وەلیَ ئەوپەری هەوڵیشمان دەخەینە گەر لەگەڵ ئێران , بەشێوازی جیا هەڵوێست لەسەر ئێران وەردەگرین .

- -لە رێگەی ئێوەوە هاوخەمی خۆمان بۆ ئاوارە کوردەکان دەردەبرین .

-هەوڵدەدەین بۆ هاوکاری لە بواری مرۆڤایەتی

- -بەڵێنی دا یاداشتنامەی خۆپیشاندەران لە ماڵپەری کۆمیتەی دەرەوەی پەرلەمانی هۆڵەندی بڵاو بکاتەوە .

- -دەستخۆشی لە خۆپیشاندەران کرد کە بەشێوەیەکی شارستانیانە و هێمنانە نارەزایەتیان دەربریوە.

پاشان هەریەکە لە سیروان مەحمود و عەلی مەحمود داخوازینامەی خۆپیشاندەرانیان دا بە باڵوێزخانەی ئامەریکا لە شاری لاهای , هەمان یاداشتانەی نارەزایەتی خۆپیشاندەران نێردران بۆ هەردوو باڵوێزخانەی ئێران و تورکیا .

ئەوەی شایانی ئاماژە پێدانە , لە بەشێك لە یاداشتانامەکەدا هاتووە , رژێمەکانی ئێران و تورکیا لە سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان سنوورەکانی خۆشیان تێپەراندووە , ئێستا وا پەلاماری ئەودیو سنوورەکان دەدەن, دەیانەوێت بە شێوازی سەربازی دەنگی هەقخوازانەی کورد کپبکەنەوە , داوا دەکەین تەدەخولبکەن بۆ راگرتنی سەرکوتکردنی کورد لەو دوو پارچەیەی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەی کورد .

رێکخەرانی خۆپیشاندانەکە:
بزووتنەوەی ریفراندۆمی کوردستان_هۆڵەندا
کۆمەڵەی رۆشنبیری کورد لە دەنهاغ
کۆمیتەی هۆڵەندی بۆ داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە ئێران

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان
ناوەندی کوردی زۆتەرمیر
کۆمیتەی هۆڵەندای کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان
سەنتەری نەورۆز
تیمی سایتی ئازادی
کۆمەڵەی کوردی لە دێلفت
ناوەندی هاوکاری کورد و هۆڵەندی لە خرۆننگن
فید کۆم
کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی حیزبی شیوعی عێراق
ناوەندی چاك

Chak_org@yahoo.com

http://azady.nl/news.php?readmore=5565
















6 9 2008